

موراد قەرەیلان

ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە)

# دەوڵەتی تورکیا و کورد

داگیرکەریی تورکیا بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو جۆرە تێکنۆلۆژیایەکی پێشکەوتووی جەنگی و بە هاوکاری چەتەکانی داعش، نوسـره و گرووپە هاوشـێوەکانیان، لە هەرێمێکی بچووکی وەک عەفریندا لە بەرانبەر خۆڕاگری و نەبەردی شـەڕڤانان و گەلی عەفرین بێچارە بوون و نووشـی شکست هاتوونەتەوە، ئەوە بەرخۆدانییەکی نوێیە. ئەو ئیرادەیەی لەو بەرخۆدانییەدا هاتۆتە ئاراوە، گەلی کورد و دۆسـتانیان و تەواوەتی مرۆڤایەتیشـی بردووەتە قۆناغێکی نوێیەوە و هەروەها لە تێکۆشانی ئازادیخوازی گەلی کوردیشدا لاپەڕەیەکی نوێی کردۆتەوە.

**ئەفسانەی گەورەی سەرکەوتن**

ئەوەی هەتا ئێستا لە ئەنجامی ئەو ئیرادە و بەرخۆدانییەدا هاتۆتە ئاراوە، سەرکەوتنێکی گەورەیە. گەرچی هەتا ئێستا دوژمن دانی بە شکستی خۆیدا نەناوە، بەڵام دوژمن شکاوە و گەلی عەفرین و شەڕڤانە قارەمانەکانی سەرکەوتوون. ئەو سـەرکەوتنەی ئەوان، قۆناغێکی دیکەی سـەرکەوتنیش لە داهاتوودا لەگەڵ خۆی دێنێت. هەرچەند شـەڕ هەتا ئێستاش بەردەوامە و کۆتایی نەهاتوە، بەڵام بناغەی سەرکەوتن دامەزراوە و مسۆگەر بوە. ئەوە دەبینرێت. لە هەموو دەرفەتەکان هەتا ئێستا سوود وەرگیراوە. هەم تاکتیکێکی سەرکەوتوویان لەسەر زەوی لە بەرانبەر دوژمندا بەکارهێنا و هەم لەنێو شارەکاندا بە ڕێکخستنی کۆمەڵگە، جووڵە و پاراستنی شارەکانیان کردوە و هەروەها لە پشتەوەی دوژمن

و لە دەورووبەری دوژمن، بەشێوازی گەریلایی چالاکی سەرکەوتووانەیان ئەنجام داوە. بەڕاستی سەرکەوتن مافی ئەوانە. ئەوەی لە ئەفسانەکاندا دەربارەی قارەمانەتی هەیە، ئێستا بەشێوازێکی نوێ لە عەفرین زیندو بووەتەوە.

"سەرەڕای شەهیدبوون و پێشکەشکردنی نرخی زۆر گرانبەها، ئەو بەرخۆدانی و سەرکەوتنە نەک تەنها بۆ گەلی عەفرین، بەڵکوو بۆ تەواوی گەلی کوردستان، گەلانی هەرێمەکە، هێزە دیموکراسیخوازەکان و هەموو مرۆڤایەتییە. ئەوە پاراستنی کەرامەتی هەموو مرۆڤایەتییە و لێرەوە ڕێزی خۆمان ئاڕاستەی تەواوەتی ئەو فیداکارییە، شەهیدانی سەربەرز، هەموو شەڕڤانانی قارەمان و فەرماندارانی ئەو شکۆمەندییە دەکەین و پڕ بەدڵ پیرۆزباییان لێدەکەین".

## مرۆڤایەتی لە مەترسییەکی گەورە ڕزگار دەکات

"وەکو دەبیندرێت سەرکەوتن مسۆگەرە. ئەگەر ئەو بەرخۆدانییە بەو شێوازە بچێتە پێشێ، مرۆڤایەتی لە مەترسییەکی گەورە ڕزگاری دەبێت. لە هەرێمەکەدا داعش-یان دروست کرد، گەلی ئێمە لە ڕۆژئاوای کوردستان لە تێکشکاندن و لەناوبردنی داعشدا، ڕۆڵی هەرە بەرچاو و کاریگەری گێڕا. ئێستاش ئاکەپە - مەهەپە، بە کۆکردنەوەی پاشماوەکانی داعش و نوسرە، جارێکی دیکە لە هەوڵی دروستکردنی مەترسییەکی گەورەدان لەسەر گەلانی هەرێمەکە، دیموکراتیی باکووری سووریا و داهاتووی گەلی کورد و گەلانی سووریا. هەر بۆیە ئەگەر لە عەفرین تێکبشکیندرێن، بۆ هەموو مرۆڤایەتی قازانجە. گەلی کورد، گەلی هەرێمەکە و گەلانی تورکیا-ش قازانج دەکەن. بەو سەرکەوتنە قۆناغێکی نوێ دەست پێدەکات. هەربۆیە لە ڕاستیدا ئەوە بەرخۆدانییەکی دیرۆکی و شەرافەتمەندانەیە".

## سیاسەتی لەناوبردن

"بەر لەو هێرشانە عەفرین جێیەکی ئارام بوو. ژیانێکی هاوبەش، ئارام و دیموکراتیی لەوێ بوونی هەبوو. دەوڵەتی تورکیا، داعش و نوسرە، تیرۆریان بردە عەفرینەوە و ئەو ئارامییەیان تێکدا. تورکیا دەیەوێت لە عەفرین سیاسەتی قڕکردن پەیڕەو بکات. خانوو، دار، سرووشت و هەرشتێک بۆتە ئامانجی هێرشەکانی ئەوان. دەست لە کوشتنی ژن، منداڵ و بە ساڵاچوو ناپارێزن. ئەگەر هەتا ئێستاش ژمارەی قوربانییان یەکجار زۆر نین، نیشانەی ئەوەیە کە ئەو گەلە بەرێکخستن کراوە. ئەو شێوازە لە پەلاماردان، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و یاساکانی شەڕە. دەوڵەتی تورکیا زۆر بە ئاشکرا هاووڵاتیانی مەدەنی دەکوژێت، لە دیمەنەکاندا دەردەکەون کە هێرش دەکەنە سەر ماڵان، دەکوژن و هەرچی بە بەردەستیان بکەوێت تاڵانی دەکەن و دەیدزن. ئەو شتێکی سەرنجڕاکێشە کە هەموو جیهان ئەوە دەبینێت و لێی بێدەنگە. لە حەقیقەتدا کاتێک چاو لە چاپەمەنی جیهانی دەکەین، دەبینین کە ڕای گشتی جیهان پاڵپشتی لە بەرخۆدانی عەفرین دەکات. بەڵام دەوڵەتانی هەرێمی و جیهانی لە بەرانبەر ئەو فاشیزمەی دەوڵەتی تورکیا بێدەنگییان هەڵبژاردووە".

"بەر لە هەرشتێک ئەمریکا و ڕوسیا دەیانەوێت ناکۆکییەکانی نێوان خۆیان لەسەر پشتی گەلی کورد چارەسەر بکەن. بەڕێگەی گەلی کوردەوە دەیانەوێت حیسابانی خۆیان لەگەڵ یەکتر ساف بکەن. ئەوەش ڕێگەی لەبەردەم ئەو هەموو پێشێلکاری، ستەم و ناحەقییە کردۆتەوە کە لەسەر گەلی کورد بەڕێوە دەچێت، کە بێویژدانییەکی یەکجار گەورەیە".

ئەگەر تورکیا دەست بەسەر ئەو ناوچانەدا بگرێت، لێی ناچێتە دەر:

ئەگەر تورکیا دەست بەسەر ئەو ناوچانەدا بگرێت، نە لە عەفرین، نە لە ئیدلب و نە لە باب-یش ناچێتەدەر و داوای حەلەب-یش دەکات. وەک

قوبرسی لێدەکات. ئایا ئەوە پارچەکردنی سووریا نییە؟ ئەی بۆچی سووریا چاوی خۆی لەو ڕاستییە دەگرێت و لە ڕووسیا خەت وەردەگرێت؟ ئەوانە جێگەی پرسیارن. ئایا ڕوسیا بەو شێوازە دەتوانێت سووریایەکی بەدڵی خۆی دروست بکات؟ مەگەر ئەوە هەواڵگری تورکیا نییە کە هەموو داعش، نوسرە، برایانی موسوڵمان، ئەحرار ئەلشام، بەیەکەوە گرێدەدات؟ هەموو ئەوانەیان کردە یەک و بەهێزیان کردن. ئەوەش بە هاوکاری ڕوسیا دەکات. ڕوسیا دواتر ئەوانە چۆن دەردەکات؟ چۆنە کە ڕوسیا ئاوا ڕێگە بەوانە دەدات و دەهێڵێت کە خوێنی کوردان بڕژێنن؟ ئایا ئەوە بۆ داهاتووی سووریا، مەترسییەکی گەورە نییە؟ ئاشکرایە کە ئەوە مەترسییەکی گەورەیە لەسەر داهاتووی سووریا. جێگیرکردنی ئەو هەموو چەتەیە لەلایەن تورکیاوە لەو ناوچانە، بناغەی پارچەکردنی سووریا دادەڕێژێت.

"بەرێوەبەری سووریا، ئەو مەترسیانە دەبینێت بەلام دوودڵە. بۆ وێنە هێندێک هێزی نزیک خۆیان چوونەتە هەرێمەکە و ناتوانن ڕاستەوخۆ پشتیوانیان لێبکەن. لەڕاستیدا لەوێ بەرخۆدانییەکی شکۆمەند لە ئارادایە و دەبێت هەرکەس پشتیوانی لەو بەرخۆدانییە بکات و ڕێگربێت لە بەرانبەر سیاسەتەکانی دەوڵەتی تورکیا و جێگیربوونی قاعیدە لەو ناوچانە، بەڵام هەتا ئێستا هەوڵدانێکی وەها ڕاستەقینە لە ئارادا نییە. وادیارە سووریا و ئێران هێندێک نارەحەتن، بەڵام تائێستا شتێکیان نەکردوە".

"ئەوانیش دەڵێن ئێمە نارازین. لێدوانەکانیان کە با ڕووی هەموو لایەک لە داعش بێت، لەجێی خۆیدا نییە. ئەو هێرشە سەرنجەکان بڵاو ناکات، بەڵکو تەواو پاڵپشتی کردنی تورکیایە لە داعش. ئێستا داعش خەریکی ڕێکخستنەوەی هێزەکانیەتی لە دێرەزوور. بۆچی؟ قەسەدە ڕاوی نان و بردنی هەتا ئەبوکەماڵ، ئێستاش لەوێ کۆبوونەتەوە. تورکیا هێرشی کردە سەر عەفرین بۆ ئەوەی دەرفەتی خۆڕێکخستنەوە بدات بەو هێزانە. بۆ ئەوەی داعش بە تەواوەتی لەناو نەچێت، دەستێوەردانیان کرد، بەڵام بەرپرسانی ئەمەریکا بەڕاشکاوی ئەوە ناڵێن. وانا دەزانن، بەڵام بەرژەوەندییەکانیان ڕێگرە لە وتنی ئەو ڕاستییە".

## ئەوانەی چاولێکەرن، هەموویان بەرپرسیارن

"لێرەدا جارێکی دیکە سیاسەت و نابەرپرسایەتی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری دەبینرێت. بەهۆی ناکۆکییەکانی نێوان خۆیان و نێکەڵییەکانیان لەگەڵ تورکیا، تەنیا تەماشاچین. هێندێک وردەگلەیی دەکەن، بەڵام بێدەنگن. هەربۆیە هەموو ئەوانەی چاولێکەرن، بەرپرسیاریەتی ئەو دۆخەیان دەکەوێتە سەرشان".

ڕوسیا و سووریا، کورد لەدەست دەدەن بەتایبەتی ڕوسیا و دەوڵەتی سووریا ئەگەر لەسەر ئەوجۆرە سیاسەتەیان پێداگری بکەن، دەبێت ئەوە بزانن کە نەک تەنیا ناتوانن یەکپارچەیی سووریا بپارێزن، بەڵکو لەهەمان کاتدا گەلی کوردیشیان لەدەست دەچێت. سەبر و دانبەخۆداگرتنی گەلی کوردیش سنوورێکی هەیە. باهەرکەسێک ئەوە بزانێت، کە گەلی کورد بێ ئاڵتێرناتیف نییە و بژاردەی دیکەی لەبەر دەستدایە.

## ڕێکخستن و بەبنەماگرتنی هێزی خۆت گرینگە

"ڕاستینەی فیکر و ڕامانی ڕێبەرئاپۆ جارێکی دیکە خۆی سەلماند. دەبێت هەر نەتەوەیەک، هەر بزووتنەوەیەک، لەسەر بنەمای هێزی گەوهەری خۆی، خۆی بە ڕێکخستن بکات. دەتوانێت دیپلۆماسی بکات، نێکەڵیی دروست بکات، یارمەتی لە دەرەوە وەربگرێت، بەڵام دەبێت جیا لە هێزی گەوهەری خۆی پشت بە هیچ هێزێکی دیکە نەبەستێت. ئەوە جارێکی دیکەش سەلمێنرا، کە ئەگەر گەلێک لەسەر ڕەنج و هێزی خۆی، توانای خۆی

بنیات بنێت، بێگومان دەتوانێت کاریگەری لەسەر ڕای گشتیش دروست بکات. ئێستا عەفرین سەرکێشی شەڕێکی شکۆدار دەکات و هەموو گەلانی هەرێمەکەش بەشێوازی جیاجیا جێی خۆیان لەو بەرخۆدانییەدا گرتوە و پشتیوانی ڕای گشتی نێونەتەوەییش هەیە. هەربۆیە ئەوە بەرخۆدانییەکی زۆر بێوێنە و دیرۆکییە".

## گەلی ئێمە لە باشوور و ئەورووپا

"گەلی ئێمە لە ئەورووپا و لە باشووری کوردستان، بە ڕاستی بۆ پشتیوانی عەفرین، فیداکارییەکی گەورە دەکەن. ئەو بەرخۆدانییە لە کوردستان، ڕۆحێکی نەتەوەیی ئافراند. جارێکی دیکەش هەر کەس لەوە تێگەیشت کە کورد بۆخۆی دۆستی خۆیەتی و دەتوانن خاوەنداریەتی لە یەکتر بکەن، بەو جۆرە دەتوانن دۆستی ڕاستەقینەی خۆشیان بدۆزنەوە. ئیدی جارێکی دیکەش ئەوە سەلمێنرا کە پێویستیمان بە یەکیەتیی نەتەوەییە".

## باکور و ڕۆژهەلات

"بەر لە هەر شتێک مرۆڤ دەتوانێت هێندێک کەموکورتی لە دوو پارچەی گەورەی کوردستان وەکوو باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ببینێت. ئەمڕۆ لە عەفرین بەرخۆدانییەک لەئارادایە، کە چارەنووسی گەلی کورد لە هەرێمەکەدا دیاری دەکات. بێ گومان نابێت گەلانی هەرێمەکە لە بەرانبەر ئەوە بێدەنگ بن. بەڵام گەلی کورد دەبێت لەوە تێبگات کە ئەوە بۆ ئەوان مژاری مان و نەمانە. چەندەش زەختیان لەسەر هەبێت، چەندەش لە بەرانبەریان ستەم و زۆرداریش هەبێت، دەبێت لە بەرانبەر بەرخۆدانی مێژوویی و چارەنووس سازی عەفریندا، نەماشاکەر نەبن. پێویستە مرۆڤ لەوبارەیەوە ئەرکەکانی خۆی پێکبێنێت. نەک ئەوەی کە هیچیان نەکردوە، بەڵام ئەرکیان قورسترە و ئەوانە کەمن و ئێری ئەو قۆناغە ناکات. بۆ وێنە باکوور وا ڕاهاتووە کە هەموو کاتێک هێندێک فەرمانیان بۆ بچێت، هێندێک کادر بچنە نێویان، کار بکەن و چالاکی ئەنجام بدەن. هەڵبەتە کە دەبێت بۆ خۆیان لە کۆڵانەکاندا بێنە لای یەک و پلانی چالاکییەکان بەشێوازێکی ڕێکخراو دابنێن. پێویستە هەرکەسێک بۆ خۆی دەستپێشخەری بکات، خۆی بە بەرپرسیار بزانێت و بڵێت کە "دەبێت هێندێک شت بکەم"، ئێمە دەزانین زەحمەتی هەیە، بەڵام لە بەرانبەر ئەو زەحمەتییە دەبێت بەرخۆدانێکیش هەبێت. مەگەر زوڵمی هەرە گەورە لە ساڵەکانی 1988 – 1990دا نەکرا؟ بەڵام لە بەرانبەریدا ئەو بەرخۆدانە پیرۆزە لە نسێبین و جزیرە دەستی پێکرد و قۆناغێکی دیکەی لە تێکۆشانی کوردستاندا بنیاتنا. ئێستاش فیداکارییەکی بەوجۆرە پێویستە، دەبێت پێشەنگانی کۆمەڵگە ئەو فیداکارییە بکەن. ئەوە قبووڵ ناکرێت کە هەرکەس چاوی لە کەسێکی دیکە بێت و خۆی بێدەنگ بکات".

"من دەزانم کە گەلی ئێمە هەنگاوی بۆ دواوە نەناوە. لە بەرانبەر فاشیزمی ئاکەپە، کەس سەری خۆی نەنەواندوە، بەڵام بێدەنگی ڕێگەی بۆ فاشیزمی ئاکەپە کردۆتەوە. دەبێت مرۆڤ بێدەنگ نەبێت، تەنیا خۆت بپارێزی و تەسلیم نەبوون بەش ناکات، پێویستە هەرچۆنێک بێت دەست بکەیت بە چالاکی. بۆ باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوە پێویستییەکە. بەتایبەتی لە باکوور ئێمە دەکەوینە وەرزی بەهارەوە. 8ی ئادار و نەورۆزمان لە پێشە. پێمانوایە کە بەو بۆنانەوە ئەو بێدەنگییەی باکوور تێپەڕێنین. لێرەدا دەبێت هەرکەسێک خۆی بە بەرپرسیار بزانێت. بێگومان، ئەرک و بەرپرسیاریەتیی ئێمە و بەڕێوەبەرایەتی ئێمەش هەیە. ئەگەر ئەو کۆمەڵگەیە لەوڕۆدا لەو ئاستەدا بێڕێکخستن ماوەتەوە، یان سیستمی فاشیزم پاشەکشەی بەگەل کردوە و ئەو گەلە ناتوانێت لە بەرانبەریدا وەکو پێویست خۆی دەربخات، بەر لە هەر کەسێک ئێمە و ئەو کادرانەی بەو

تێکۆشانەوە ئەرکدارن، دەبێت خۆمان بەرپرسیار ببینین، بەڵام ئیستا ڕۆژ، ڕۆژی چالاکییە نەک ڕۆژی قسەکردن. دەبێت هەر وڵاتپارێزێک بە ئەرکەکانی خۆی هەستێت".

"هەروەک چۆن ڕژێمی فاشیستی ئاکەپە-مەهەپە، لە کوردستاندا زەخت و گوشار بەڕێوە دەبات، بە هەمانشێوە لە گرتوخانەکانیش هەمان سیاسەت لەسەر گیراوان پەیڕەو دەکات. ناوەندی هێرشەکانیان ئیمراڵییە. لە سەرەتادا بەشێوازێکی ڕێکوپێک، سیستمی ئەشکەنجە و زەختی دەروونییان لە ئیمراڵیدا لەسەر ڕێبەر ئاپۆ و ئەو هەڤاڵانەی دیکە کە لەو زیندانەدان، پەیڕەو کرد و هێدی هێدی بۆ گرتوخانەکانی دیکەشیان گواستەوە. هەرچەندە ئەو گوشارانە نەگەیشتونەتە ئەو زەختانەی کە لەسەر ئیمراڵی هەیە. ئەوەی لەسەر ئیمراڵی بەڕێوەدەچێت، شێوازێکی تایبەتی ئەشکەنجەی دەروونی بە سیستم کراوە. دەیانەوێت وردە وردە ئەو شێوازە بەسەر گیراوانی دیکەشدا بسەپێنن. ئەگەر ئێمە توانیبامان سیستمی ئەشکەنجەی ئیمراڵی لە بەریەک هەڵوەشێنین، ئەمڕۆ شایەتی ئەو زوڵم و ستەمەی سەر گیراوان نەدەبووین. واتا ئەگەر ئەوڕۆ لە گرتووخانەکان ئەوەندە زوڵم و گوشار بەڕێوە دەچێت، ئێمە لێی بەرپرسیارین. بۆچی؟ لەکاتی خۆیدا ئەگەر ئێمە ئامادەکاری پێویستمان کردبا، بەشێوازێک کە ئەنجام وەرگرێت ڕێکخستن و تێکۆشانی خۆمان برەو پێدابا، لەهەموو بوارەکانی ڕێکخراوەیی، کۆمەڵگەبوون، کولتووری و تەنانەت سەربازی-ش بەگوێرەی پێویست بووباینە، ئەو کاتە دوژمن نەیدەتوانی بەو شێوازە درێژە بە سیستمی ئیمراڵی بدات و ئەو زۆردارەییە لەسەر گیراوانی دیکە پەیڕەو بکات. ئەوە مژارێکی گرینگە. بۆ ئێمەش جێی ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆگرتنە. ئەوە ڕاستییەکە".

## ئێمە دەتوانین ئەنجامی بدەین و دەرفەتیشمان لەبەردەستدایە

"ئێمە ئێستا پێمان ناوەتە ساڵێکی نوێ و بە بەرخۆدانی عەفرینیشەوە کەوتووینەتە قۆناغێکی نوێ. وادیارە کە ساڵێکی زۆر گرینگمان لەبەردەمە. ئەوەی کە هەتا ئێستا نەمانکردووە، ئیدی دەتوانین بیکەین. واتا ئەو چانس و دەرفەتەمان هەیە، کە ئێمە بۆ هیواکانی ڕێبەر ئاپۆ، گیراوانی سیاسی و گەلی خۆمان ببینە وەڵام. ئێمەش لەوبارەیەوە بڕیارمانداوە. ئەرێ ئێمە ڕەخنە لەخۆمان دەگرین، بەڵام لەوە گرینگتر ئەوەیە کە دەمانەوێت ڕۆڵی خۆمان بگێڕین. ئەو دەرفەتانەی کە هاتوونەتە پێش لەو ساڵدا بەکار دێنین و بەو شێوازە قەرەبووی کەموکورتییەکانمان دەکەینەوە. ئەو بەرخۆدانییەی لە عەفرین لە ئارادایە، هەڵگری پەیامێکی گرینگ و سەردەمێکی نوێیە و پێویستی بە هەنگاوی شۆڕشگێڕانە هەیە".

## دەوڵەتی تورکیا شکست دێنێت

ئاکەپە - مەهەپە، ڕێککەوتن. واتا ئەوە ڕێککەوتن نەبوو، بەڵکوو ئاکەپە وەدوای فیکر و زێهنیەتی مەهەپە کەوت. مەهەپە-ش کە هەبوونی بێواتا بووبوو، بەشێوازێکی ڕێکخراو بەشداری ئاکەپە بوو. ئەوانە گرینگن کە گەلی ئێمە ببینێت. ئەوڕۆ بەڕێوەبەرایەتییەکی نەتەوە پەرست و فاشیست لە ئەنجامی ئەو ڕێککەوتنەدا هاتۆتە ئاراوە. ئیدی ڕاستینەی ئاکەپە بۆ هەموو کەس دەرکەوت. بەلای هێندێک کوردەوە خۆی جوان پێشان دەدا و دەیووت ئێمە دۆستی ئێوەین، ئیدی ئاشکرابوو کە ئەو دوژمنی سەرەکی گەلی کوردە. مەهەپە، هەموو کەس دەیناسێت، ئەوڕۆ ئاکەپە-ش بۆتە مەهەپە. هەربۆیە کێ بەخۆی دەڵێت من کوردم، پێویستە واز لە ڕێکخستنە دژە کورد، فاشیست و نەژادپەرەستەکان بێنێت. ئەوانە ئەوڕۆ ئیدی بە ئاشکرا دوژمنایەتی گەلی کورد دەکەن، دەبێت ئەوانەی هەتا ئێستاش لەنێو ئاکەپەدان، لەوە

ئێبگەن و بە هەڵویستەکانیاندا بچنەوە. گەلی ئێمەی ولاتپارێزیش دەبێت ئەوە بزانێت کە ئەو سیستەمەی کە لەلایەن ئاکەپە - مەهەپە بنیاتنراوە، ئەورۆ پەلاماری عەفرین دەدات. ئەگەر ئێمە لەهەموو جێیەک لەدژی ئەوانە بوەستینەوە، کۆتاییان پێدێت و تێکدەشکێن. ئەوەش هەم بۆ گەلی کورد و هەم بۆ گەلانی تورکیا بەواتای هاتنی سەردەمێکی نوێیە کە ئازادی و دیموکراسی لەگەڵ خۆی دێنێت. ئێستا ئەو دەرفەتە هەیە. مرۆڤ دەتوانێت خەتێکی بەسەر دابێنێت و بڵێت "ئیدی داگیرکاریی، جینۆسایدی گەلی ئێمە لەلایەن تورکیاوە، لە عەفرین تێکدەشکێت"، بۆ ئەوەی ئەو سەرکەوتنە مسۆگەر ببێت دەبێت لە هەموو شوێنێک تێکۆشان و فیداکاری بکرێت. ئەگەر بۆ ئەوە گیانی مرۆڤ پێویست بێت، دەبێت ئەویش بدات".

"جەوانانی گەلی کورد و گەلانی کوردستان دەبێت ئەوە بزانن کە بە بەرخۆدانی عەفرینەوە کەوتوینەتە قۆناغێکی نوێوە. لە تێکۆشانی ئێمەدا زۆر قۆناغی گرینگمان تێپەڕاندوە، بەڵام ئەو قۆناغەی ئێستا هاتۆتە ئاراوە قۆناغی هەرە گرینگە و ئەو ساڵ، ساڵێکی هەرە گرینگ و مێژووییە. دەبێت لەوەها قۆناغێکدا هیچ جەوانێکی کورد بێکار ڕانەوەستێت. جەوانان دەبێت بەشداری لە شۆڕشدا بکەن. یان لەو شوێنانەی کە هەن بەشداری سەرهەڵدان و ڕاپەڕینەکان بن، یانیش بێنە نێو ڕیزەکانی گەریلاوە. هەڵمەتێکی گشتی بۆ پاراستنی عەفرین ڕاگەیەنراوە، پێویستە هەر جەوانێکی کورد و کوردستانی، ژن بێت یان مێر، پێویستە دڵ و چاوی لەگەڵ بەرخۆدانی عەفرین بێت. بەوشیوەیە پێشەنگایەتی گەل بکات و بڵێسەی شۆڕش گەشتر بکاتەوە".